# دەوڵەتی کوردی و هۆزەکانی بڵباس

## میر بڵباس

هەر لەدێر زەمانەوە هۆزەکانی بڵباس تینوی سەربەستی بوون، هەر کاتێك دوژمنانی کورد ویستبێتیان زیادە ڕۆی بکەنە سەر خاکی کوردستان لە پێشدا شەڕێکی خوێناویان لەگەڵ بڵبلداسەکاندا کردووە، ئەگەر بڵباسیان نەشکاندبیٚ زۆربەی کوردستان نەکەوتۆتە ژێر چنگ...! زۆر جار لەجیاتی خشت (کەرپوچ) کەلە سەری بڵباسیان بەکار هێناوە لە دروست کردنی ( (منارە) ) دا ئاخونەکانیان بانگیان لەسەرداوە، ئەمە لەنەریتی هیچ دینێکدا نەبووە و نابێت جاری واش هەبووە بڵباسێك وتبێتی من بڵباسم زمانیان بڕیوە کەئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە بڵباسەکان بە کوردستاندا بلاْوببنەوە و قبولّی پەڕاگەندەی و غوربەتی بکەن ...! مامۆستای پایە بەرزی مێژوو ( (شەرەخانی بەدلیسی) ) میری بڵباس دەفەرمویٚت لە لاپەڕە (675–677) [ *ئەگەر جارێك ولاّتی بەدلیس بێگانە زەوتی کردبێت ڕۆژەکیەکان هاوروژاون بۆئەوەی کەس کۆمەکیان بکات دەست لە دەست و قوەت لە خوا ڕقی خۆیان وەشاندووە گیانی دوژمنانیان خستۆتە ژێر پێوە لەناو کوردا باوە هەر بەردێکی قەلاّی بەدلیس سەری ڕۆژەکییەکی لە پێناودا پەڕیوە* ]. هۆزەکانی بڵباس لە (24) ی تیرەی ڕۆژەکین.

لە کتێبی کورد و عەجەمدا لە نوسینی مامۆستا (صالح محەمەد ئەمین) لەلاپەڕەی (4.) دا[ دەفەرمویٚت [*بڵباسەکان ئیمارات داغل ئمارات بوون سەریان بۆ هیچ کەسێك نەنەواندوە بێجگە لە ئیماراتی بابان نەبێت کە ئەویش بە ئیمارتی خۆیان زانیوە*] لەمەش زیاتر هەر کاتێك هۆزەکانی بڵباس هێرشیان کرابێتە سەر جا ئەو هێرشە لەلایەن هەر کەسێکەوە بووبێت ژنان و کچانی هۆزی بڵباس دەستەو ئەژنۆ دانەنیشتوون یان شان بەشانی کەس و کاریان لە سەنگەری پێشەوەبوون وەیان چەك و چۆڵیان و خوادن و خواردنەوەیان گەیاندۆتە بەرەکانی جەنگ وەك هێزێکی پشتگیری ... بۆیە هەرکاتێك باسی ڕۆژەکی یان موکری و بابان بکریٚ لەمێژوودا جا بەهەر جۆرێك بێت هۆزەکانی بڵباس بەشی خۆیان دەبەن، بیٚ مێژووە پرخوێناویەکەی خۆیان ... هەر مێژوو نووسێك یان ڕۆژهەلاْت ناسێك پێی خستبێتە کوردستانەوە وەیان ویستبێتی لە دوورەوە مێژووی کورد بنووسێت نەیتوانیوە بازبدات بەسەر هۆزەکانی بڵباسدا ... بۆ نموونە، لازارێف، د.سمیت، مینۆرسکی، کلۆدین جیمس ریچ . وەچەندەهای دیکە ... ئەگەر بەسەدەها نوسراو بنووسرێتەوە لەسەر مێژووی هۆزەکانی بڵباس وەك ئەوە وایە جامێك ئاو لەدەریایەك هەڵجێنرێت، لە دروست بوونی ناسۆنالیزمی کوردەوە و لە دروست بوونی حیزبەکان لە کوردستاندا زۆربەی زۆری سەرکردەکانیان بڵباس بوون جالە هەر پارچەیەکی کوردستان بووبیٚ یان بن، یەکەم شەهیدی (ژ.ك) " عبدلله خالّند " بوو لە شاری مهاباد لە سالّی 1943/م کە یەکێك بوو لەهەرە پیاوە ئازاکانی بڵباس لە هۆزی پیران لە زەمانی خۆیدا . وەهەروەها لە شۆڕشە یەك لەدوا یەکەکانی کورد بەسەدان شەهیدیان داوە بۆ نمونە لێرەدا ناوی چەند شەهیدێك دێنینەوە : شەهیدی سەرکردە (فەتاح حەمەمین ناسراو بەفەتاح ئاغا) سیوەیل، شەهید ئەحمەد حاجی عەلی بڵباس / دەشتی هەولێر، شەهید ڕەشید مەجید حسێن ناسراو بە (ڕەشید سرێشمەی) مۆریك، شەهید حەسەن ئەحمەد ناسراوە بە (خوێخا سوورە) دەشتی هەولێر، شەهید عەبدوللە حەمەمین ناسراو بە (عبدوللەی موهەندیس) سیوەیل، شەهید نووری سەعید یارە ناسراو بە (مەلا نووری) شارەزوور، وە بە سەدەهای کە، بۆ یەکەم جار لەمێژووی کوردا شەریف پاشای خەندان کە یەکێك بوو لە بنەماڵەکانی پیران لە هۆزی بڵباس لە سلێمانی داوای سەربەخۆی کوردی کرد لە (عصبە الامم) . بەهۆی ئەوەوە نەیتوانیوە بگەڕێتەوە کوردستان قبولّی ژێردەستەی نەکرد بۆیە هەر لەغەریبیدا سەرینایەوە، دوای هەرەس هێنانی دەوڵەتی کوردی بەسەرۆکایەتی مەلیك مەحمود حەفید زادە لە باشووری کوردستان لەڕۆژی 193/7/.2. دا حەمەی ئەو ڕەحمان ئاغا مەزنی هۆزەکانی بڵباس لەسلێمانی پێشنیارێکی بەرز کردەوە بۆ مەندوونی سامی لەبەغدا داوای سەر بەخۆی کوردی کرد ئەوە بوو داگیرکەرانی ئەو (زەمەنە) بە ئاگرو بارووت وەلاّمی دانەوە لە ڕۆژی 193/9/6. دا کە مەشهورە بە شەڕی (بەردەرکی سەرا) بووە هۆی کوژرانی چەندەها کەس و بریندار بوونی سەد کەس بڕوانە بەشی دووەمی کتێبی چیم دی لە نوسینی مامۆستای پایە بەرز ( (ئەحمەد خواجە) ) بڵباس، لەوێشدا چەندەها بڵباسی تێدا بریندار بووبۆ نمونە ئەحمەد ئسماعیل ناسراو بە (ئەحمەد بیۆرەیی) 1 ئەوە بوو لە ماڵی شێخ جەلال حەفید زادە برین پێچی بۆ کرا بۆ ماوەی مانگێك پاشان شێخ جەلال ڕەوانەی پێنجوێنی کردەوە، بۆ جاری سێهەم بۆ پشت گیری کردنی حوکمەتی هەرێمی باشووری کوردستان ڕونیان کردەوە بۆ جیهان ئازادی و نیمچە دیموکراتیەت لەکوردستاندا هەیە، بڵباسەکان مێژوویان دوپات کردەوە بە کۆی دەنگی پیاو ماقوڵنی بڵباس بە شێوەیەکی دیموکراتیانە کە دەگەنە "68" هۆز لە ڕۆژی 3..2/6/18 نامەیەکیان بۆ سەرۆکی ولاّتە یەگرتووەکانی ئەمریکا و وەزیری بەرگری و وەزیری دەرەوە وەڵی پرسراوی حاکمی سیاسی لە عێراق تێیدا باسی هەشتا ساڵ زوڵم لە کورد کردنیان تیا

ڕوون کردۆتەوە کەتووشی کورد هاتووە لەسەر دەستی ڕژێمە فاشیە یەك لەدوا یەکەکانی (عێراقی عەرەبی) ، داوای ولاَتێکی سەربەخۆیان بۆ کورد کردووە لە باشووری کوردستان کە ئەمەش داوایەکی ئارەزوومەندانەی هەموو کوردێکی بە شەرەفی ئەم کوردستانەیە بۆ ڕزگار بوونیان لە شۆڤێنێتی ئیقلیمی، خۆ ئەگەر ئەم داوایەی هۆزەکانی بلَباس کردویانە ببوایە بە دەرگایەکی کراوە بۆ هەموو ڕۆشنبیران و نووسەران و کاسب کاران و هەموو چین و توێژوو هۆزەکانی کەی کورد دەبووە هۆی بەختەوەری ئەم گەلە زولَم لێکراوە ... بەباشی دەزانم ئاشناتان کەم بە هەندێ، ناوی ئەو پیاو ماقولاَنەی هۆزەکانی بلَباس کە بوونەتە هۆی دروست بوونی ئەو بیرۆکەیەو هاندەرانی ئەو نامەیە بۆ مێژوو... حاجی برایم محەمەد ئەمین بلَباس2 (هەولێر) ، مەلا مستەفا مەلا حەسەن بلَباس، (هەولێر) عبدولله بایز فەقێ محمد بلَباس، حاجی محمود ئەحمەد قادر بلَباس نیسکە جۆیی (شارەزوور) کاکە ئەوڕەحمانی دۆلاَشی (شارەزوور) ، حاجی عەلی بلَباس (کەلوڕانی) ، زەردەشت مەلا نەجم قاینەجەی، وە ئەمینداری هۆزەکانی بلَباس محەمەد بێورەیی (سلێمانی- سیوەیل) بۆ زیادەی زانیاری ئەو داوایە لە3..2/6/25 لەئینتەرنێت لە مالَی کوردستان نێت بلاَو بۆتەوە لە شەوی 26-3..2/6/27 لەژێر ناونیشانی "کوردستان بە عێراق بوون" کاوە نادر3 کۆڕێکی تێروپڕی چوار سەعاتی لەمالَی کوردستان نێت گرتووە زۆر بە خەست و خۆلَی باسی ئەو نامەی هۆزەکانی بلَباسی کردووە هەلَی سەنگاند وەك کورد دەلَێت ( (***هەر دەوەنە دەبێت بە دار***) ) هیوادارم نمونەی ئەوکەلَە پیاوانە زۆربێت هەموو کەسێکیش لە ڕووی قەومیەوە وابێت.

1-ئەحمەد ئیسماعیل : لەدایك بووی سالَی 1873 یە لە سلێمانی لە سالَی 1916 وە چەکی لەشان کردووە بۆ کورد بەشداری شەڕی شوعێبەو دەربەندی بازیان و دۆلَی جافایەتی کردووە هەتا سالَی 1943 لەگەلَ بنەمالَەی مەلیك دا بووە لە 1943/7/26 لەڕۆژی دوشەمەدا لەگەلَ (مستەفا قرگەی و شێخ حسێن بەردە زەردی و حەمە پیزە بێسەری) لە سیتەکەوە بارزانیان گەیاندۆتە ناوچەی مامش خالَە ئەحمەد بەدرێژای شۆڕشی بارزان و تاکۆتای کۆماری مهاباد 1947 ماوەتەوە باوکی لە سالَی 1915 لەپشت چیای سورکێو لەشەڕێکی دەستە ئێخە لەگەلَ ڕوسی قەیسەری شەهید بووە بەدرێژای تەمەنی لە خزمەت گەل و هۆزی بووە لە ڕۆژی 1994/4/17 کۆچی دوای کردووە لەسلێمانی لە گردی شێخ فەتاح نێژراوە / ن

2-حاجی برایم : پیاوێکی بەخشندەو دلَفراوانە کەس لە دەرگای بێ بەش نەبووە، بە کێشەو نالَەی هەموو کەسێکەوە هەیە، بووە بەباوك بۆ ئەو کەسەی ڕووی تێدەکات دنیا بەبێ (حاتەمی تەی) نابێت، پیاوی زەمەنی خۆیەتی، بلَباسەکانی هەولێر زۆر شانازی پێوە دەکەن/ن

3- کاوە نادر : لە ڕەچەلَەکدا بندیانە، لە دایك بووی (دیبەگەیە) هەر بەبنەمالَە کورد پەروەرو زۆر چەوساوەی خەباتن بۆ کورد /ن

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.